سوزن



# بەختیار عەلی، پیاوی ئیسرائیله

ئەحمەد میرە

لەسەرخۆ و بەکەمێك گومانەوە دەمویست کورتەیەك لەکرۆکی رۆمانی (( شاری مۆسیقارە سپییەکان ))ی بەختیار عەلی بۆ هاوڕێ عەرەبزوبانە لەخۆباییەکەم بگێڕمەوە تاوەکو پێیبلێم ئەو مێژووە خوێناوییەی ئێوە دروســـــتانکرد، ئێمە کردومانەتە دەقێك کە سەدانی وەك تۆ چێژی لێدەبینن و بەدوای خۆپاککردنەوە لەگوناهدا دەگەڕێن. بـــــەجۆرێك رەنگە هەرخۆتان بڕیاری مەرگی خۆتان بدەن چونکە دەزانن کە پاکبوونەوە هەروا ئاسان نییە.

کەچی ئەو بەتوڕەییەوە لێیدەڕوانییم، نیگاکانی پێیاندەوتم ئیتر بەسە، کەی مرۆڤ تاقەتی ئەوەی هەیە گوێ لەشتێك بگرێت کە باوەڕی پێی نییە و هیچ کاریگەرییەك لەسەری جێناهێلێت، من جەللادێکی ناو ئەو رۆمانەم بەلاّم هەرگیز وەك سامیری بابلی ترسنۆك نییم، بڕیاری پەشیمانبوونەوە نادەم و نامەوێت کەس لێمببوورێت. ئەوکاتەی رستە پچڕپچڕەکانم لەناو دوکەڵی جگەرە و پێکە عارەقەکانیدا وندەبوون ئەو زیاتر نیگەران دەبوو و بە عەقڵێك پێدەکەنی کە دەیەوێت دڕندەیەك بکاتەوە بە مرۆڤێك کە هەست بەسزا و گوناه و عەدالەت بکات. هەربۆیە خێرا وتی بەسە، تێگەیشتم نووسەری ئەم رۆمانە " پیاوی ئیسرائیله " و ئیتر قسەکردن لەسەری هیچ بەهایەکی نییە. ئەگینا چۆن دەبێت کەسێك لەسایەی (( سەرۆك سەدام ))دا ژیابێت ئاوا باس لە مرۆڤ و ئینسانییەت بکات !! بۆچی سەرۆك سەددام هێندە دڵڕق بووە بەوشێوەیە مرۆڤ بچەوسێنێتەوە، بۆیە من دڵنیام کە بەختیار عەلی پیاوی ئیسرائیله، ئەگینا هەرگیز بەدوای مێژوویەکدا نەدەچوو کە جگە لەخەیاڵی رۆماننووس لەهیچ خەیاڵێکی تردا جێگەی نابێتەوە. جگە لەو، کەسیتر ناتوانێت ئەو مێژووە بکاتە رۆمانێك کە مرۆڤ لەئاستییدا سام بیگرێت. ئەو هاوڕێیەم پیاوێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو نوێنەری گروپێکی بەهێزی ناو بەغدادی پایتەخت بوو و خاوەن نفووس و دەمڕاستی لایەك لەو خەڵکەیە کە دژی هاوپەیمانان شەڕدەکەن لەناوەڕاستی عێراقدا. ئەو وەلاّمە کورت و خێرایە، دونیایەك شتی جۆراوجۆری هێنا بەبیرمدا، وەلاّمەکەی کورت بەلاّم ترسناك و خاوەن مەدلوولی قوڵ. تەواو لە وەلاّمی دەستەجەمعی گوتاری شوڤێنیزمی عەرەبی دەچوو بەرامبەر گەلە ژێردەستەکانیان. گوتارێك بەختیار عەلی هەوڵدەدات هەندێکجار بەرگی لێبوردەیی بکات بەبەریدا، دەرفەتێك بۆ پەشیمانبوونەوەی لەتاوان بڕەخسێنێت. رەنگە بەختیار عەلی ((مەسیح ))ی کورد بێت کە بەتەواوەتی لێوانلێو بوو لە لێبوردەیی. ئەمەش وایلێکردم بڵێم ڕەنگە باشترین سیفەتی کورد ئەوەبێت کە شۆڤێنیزم بەسەرییدا زاڵنەبووە، هەرچەندە ئەمە زۆرجار لەلایەن نەتەوەپەرستەکانەوە بە سستی هەستی نەتەوایەتی لەقەڵەمدراوە. بەلاّم بەهای مرۆڤبوونی گەورەی تیابووە بەوەی کە مرۆڤ نەتەوەکەی خۆشدەوێت تا ئەو ئەندازەیەی نەگاتە ئاستی گاڵتەکردن بە نەتەوەکانی تر. ئیشکالی سەرەکی عەقڵیەتی سیاسی و رۆشنبیریی و تەنانەت بیرکردنەوەی شەقامی عەرەبی لەوەدایە کە هەرشتێك باس لە مرۆڤبوونی مرۆڤ بکات لەدەرەوەی عەقڵسالاری ئەوان بەپلانی ئیسرائیل و ئەمریکا لەقەڵەمیدەدەن چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئامادەگی ئەوەی تیانییە کە هیچ چەمك و بەهایەکی نوێ لە دونیادا وەربگرێت جگە لەو بەها تەقلیدییانەی کە کۆی گوتاری ناسیۆنالیزمی و سەلەفیەتی دینی ئەوان بەرهەمیدەهێنێت. بەردەوام دەیەوێت خۆی لەبەرگی مرۆڤێکی دۆزەخییدا وەك فریشتە نمایشبکات و وا ڕاهاتووە کە جوانییەك نییە موڵکی ئەو بێت، ئەوەی جوانییە هی دوژمنەکانە بۆیە قابیلی قبوڵ نییە .

نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا ئەو دەمەی خوێندکاری زانکۆ بووم، یەکێك لە مامۆستاکانم باسی وتەیەکی بافلۆفی بۆکردین لەبارەی ئەوەوە کە زمانی عەرەبی ،توانای قوڵبوونەوەی نییە لە ئاستی ستوونییدا هەربۆیەشە ناتوانێت فەلسەفە بەرهەمبهێنێت. من ئەو وەختە بەتەواوەتی لە وتەکەی بافلۆڤ و مەبەستەکەی مامۆستاکەم نەدەگەیشتم. بەلاّم دواتر بۆمدەرکەوت کە هەردووکیان (( مامۆستاکەم و بافلۆڤ )) سەربە دوو نەتەوەی (( جولەکە و کورد ))ن کە بەدەست عەرەبەوە زوڵمی زۆریان چەشتووە. بەختیار عەلی لە رۆمانەکەیدا، باس لەوە دەکات کە زمانی عەرەبی، زمانی جەللادەکانە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو روانینە هەڵەیە. چونکە زمانی نەتەوەیەك ناکرێت بە کەم سەیربکرێت لەبەرئەوەی مرۆڤگەلێك قسەی پێدەکەن. هاوڕێکەم و عەرەبزوبانەکانی تر چونکە کوردیان لەڕێی سیاسییە کلۆڵەکانەوە ناسیوە بۆیە وا بەسووکی لەبەهای رۆشنبیری کورد دەڕوانن . ئەو سیاسییانەی هەرگیز شتێکی جیایان پێنەبووە لەچاو سیاسییەکانی ئەواندا و هەمیشە نێچیرێکی بێدەسەلاّتی بەردەم ئەوان بوون و ئەمەش ئەو هەستەی لەلا رسکاندوون کە شاخێك لە ئاگر جیاوازی هەیە لەنێوان رۆشنبیری کورد و عەرەبدا.

ئەم قسەیە بەشێك لەڕاستی تیایە بەلاّم وەرگرتنی بەو رەهاییە تراژیدیایەکی گەورەیە و ئاماژەیە بۆ بەردەوامی هەستی خۆبەگەورەزانینی ئەوان و بچووکی ئێمەی کورد. هاوڕێکەم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کلتوورێك واتە کلتووری کوردی بەردەوام ئەو کەسانەی بەرهەمهێناوە کاتێك پێماندەوتن " بڕۆن بۆ مەدرەسە دەیانوت کاکە عەیبە " ئەی ئێستا چۆن دەتوانین رۆماننوسێکی وەها گەورە بەرهەمبهێنێت کە بە ئێمە بڵێت " کاکە مرۆڤ مەکوژن ، عەیبە " ئەمە جگە لە پیلانێکی ئیسرائیلی بەولاوە هیچیتر نییە .